

الأمم المتحـدة – العـراق
United Nations Iraq

# هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق

## پەرەی راستی #٤
## کۆڤید-١٩

**چ ڕێکارێکی کۆڤید-١٩ جێبەجێ دەکرێت بۆ پاراستنی تەندروستی کارمەندانی هەڵبژاردن و دەنگدەران لە ڕۆژی دەنگدان؟**
ڕێکارە سەرەکیەکان کە ڕێککەوتنیان لە سەر کراوە بریتین لە دوورکەوتنەوەی کۆمەڵایەتی، بەکارهێنانی دەمامک لە ناوەوە و دەرەوە، پاکژکەرەوەی دەست، و پاککردنەوەی ئامێرەکانی هەڵبژاردن.

**ئایا کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان چ هەنگاوێکی گرتۆتە بەر سەبارەت بە ڕێگری کردن لە کۆڤید-١٩؟**
کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان لێژنەیەکی دامەزراندووە بۆ جێبەجێکردنی ڕێکارەکانی سەلامەتی و ڕێگری کردن بە مەبەستی پەرەپێدان و جێبەجێکردنی پلانی خۆپاراستنی تەندروستی لە کاتی هەڵبژاردنەکان. پلانەکە ئامانجی کەمکردنەوەی مەترسیەکانی تووش بوونە بۆ کارمەندانی دەنگدان و دەنگدەران لەگەڵ ئەنجامدانی هەڵبژاردنێکی سەلامەت لە ماوەی کۆرۆنا. لێژنەکە لە نزیکەوە کار لەگەڵ وەزارەتی تەندروستی عێراق و ڕاوێژکاری پابەندبوونی کۆڤید-١٩ی نووسینگەی هاوکاری هەڵبژاردنی یونامی دەکات و پەیڕەوی ڕاسپاردەکان و پێشنیارەکانیان دەکات.

**ئایا نەتەوە یەکگرتووەکان چۆن پشتیوانی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان دەکات لە بواری کۆڤید-١٩؟**
نووسینگەی هاوکاری هەڵبژاردنی یونامی دوو ڕاوێژکاری تایبەت بە کۆڤید-١٩ی تەرخانکردووە، کە ڕاوێژ بە کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان دەدەن سەبارەت بە پلاندانان و دیاریکردنی ڕێکارەکان کە ڕێگری لە مەترسیە سەرەکیەکان دەکات لە ماوەی جێبەجێکردنی ڕووداوە پەیوەستەکان بە هەڵبژاردن و پەرەپێدانی بابەتی زانیاریدار.

ڕاوێژکاری پابەندبوونی تایبەت بە کۆڤید-١٩ی نووسینگەی هاوکاری هەڵبژاردنی یونامی یارمەتی لێژنەی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان دەدات لە دیاریکردن و جێبەجێکردنی ڕێکارە پێویستەکان بۆ پرۆسەیەکی سەلامەتی هەڵبژاردن، لە سەر بنەمای ڕاسپاردەکانی ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی و باشترین کردارەکانی وڵاتە جیاوازەکان کە لە ماوەی پەتای کۆڤید-١٩ هەڵبژاردنیان ئەنجامداوە.

لە لایەن نێردەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ هاوکاری عێراق (یونامی) ئامادەکراوە. زانیاری زیاتر:unami-electoral@un.org